نەزر لەسەر نەوەی ئادەم نییە لە شتێک کە لە ژێر مولْکی نەبێت، وناتوانێت (بەندەیەک) ئازاد بکات کە لە ژێر مولْکی نەبێت، وناتوانێت (ئافرەتێک) تەلّاق بدات کە هاوسەری نەبێت

لە عەمرو کوڕی شوعەیب، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە، کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەزر لەسەر نەوەی ئادەم نییە لە شتێک کە لە ژێر مولْکی -خاوەنی- نەبێت، وناتوانێت (بەندەیەک:کۆیلەیەک) ئازاد بکات کە لە ژێر مولْکی نەبێت، وناتوانێت (ئافرەتێک) تەلّاق بدات کە هاوسەری نەبێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە مرۆڤ تەنها ڕکێف ومامەڵە وکار بە ئەو شتانە بکات کە ئەو خاوەنیەتی ولە ژێر مولْکیەتی ئەودایە، بەڵام ئەو شتانەی کە خاوەنی نییە وناتوانێت مامەڵە وکاری پێوە بکات؛ دروست نییە مرۆڤ وادەربخات کە لە ژێر مولْکیەت وخاوەندارێتی ئەودایە ودەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێت، ولەوانەش: 1- نەزر کردن: تەنها لەسەر ئەو شتانە دەبێت کە مرۆڤ خاوەنیەتی ودەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێت لەو کاتەدا، بەڵام ئەگەر پاشتر بووە خاوەنی ئەو شتە وبە ئارەزووی خۆی ڕکێفی پێوە کرد؛ لەم حاڵەتەدا واجب نییە لەسەری نەزرەکە جێبەجێ بکات وکەفارەتیشی لەسەر نییە. 2- ئازادکردنی بەندە -کۆیلە-: مرۆڤ ناتوانێت بەندەیەک ئازاد بکات کە بەندەی ئەو نەبێت ولە ژێر مولْکیەتی ئەو نەبێت؛ بۆیە ئازاد کردن لەم حاڵەتەدا بانگەشەیەکی بێ مانایە وجێبەجێ ناکرێت. 3- تەلّاقدان: ئەگەر پیاوێکی تر جگە لە مێردی ئافرەتەکە؛ ئەو ئافرەتە تەلّاق بدات ئەوا ئەمە پوچەڵە وجێبەجێ ناکرێت، چونکە مافی تەلّاقدان تەنها بە دەستی مێردە کە هاوسەریەتی وجووتبوون لە نێوانیاندا ڕوودەدات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ناتوانێت -ئافرەتێک- تەلّاق بدات کە هاوسەری نەبێت).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58147